شۆڕشی ئەیلوول لەپێناو دیموکراتیەت بۆ ئێراق و مسۆگەرکردنی مافە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکانی کورد بەرپابوو

پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە هەڵەبجە و پێنجوین و شارەزوور و هەورامان
49هەمین ساڵیادی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەرز و پیرۆز دەنرخێنن

خەبات: هەڵەبجەی شەهید – یوسف هەورامی

شۆڕشی ئەیلوول یەکێکە لەمەزنترین شۆڕشەکانی گەلی کورد کە بەهەموو چین و توێژەکانیانەوە لەسەرتاسەری کوردستان بەبێ جیاوازی دژی زوڵم و زۆری داگیرکەران بەشداریان تێدا کردووە بەرابەرایەتی باوکی رۆحی نەتەوەی کورد بارزانیی نەمر، هەر بۆ ئەم مەبەستەو لەم یادە پیرۆزەدا چەند پێشمەرگەیەکی قارەمانی دەڤەرەکانی هەڵەبجەو پێنجوین و شارەزوور و هەورامانمان دواند.

*** سەرەتا حەمە کەریم دەرویش مەحمود بۆمان دواو گوتی:**
لەساڵی 1968بووم بەپێشمەرگەو ئەو رۆژە بەپیرۆزترین وخۆشترین رۆژی ژیانمی دەزانم و لەخۆشیدا ئەو شەوە تا بەیانی نەخەوتم، تائێستاش بیری ئەو رۆژە دەکەمەوەو وادەزانم تازە لەدایکبوومەو هەموو دونیا بەهی خۆمی دەزانم. لە زۆربەی شەڕەکاندا بەشداریم کردووە، یەکێک لەو شەڕانە شەڕی زۆزک بوو، ئەو کاتە لەگەڵ پێشمەرگەکانی تردا بەپێ لەهەورامانەوەو لەخاکی ئێرانەوە تا گەیشتینە زۆزک مانگێکمان پێچوو، ئێمە لەهێزی خەبات بووین لەو شەڕەدا چەند پێشمەرگەیەکمان شەهید بوو، لەوانە عیزەت لاوەرانی و جەمال برای وەستا کەریم و عومەر چناردیی و شێخ غەفور تاوێردیی بۆ زیاتر لەمانگێک لەو شەڕەدا ماینەوە، سەر لقەکەمان کە ناوی عەلە خرە بوو بریندار بوو، خواردنمان تەنها نانە رەقەبوو، هەروەها لەشەڕی قەرەداغ و لەشەڕی تونێلەکەی دەربەندیخان بەشداریم کردووە، ئەوەی جێگەی شانازی بوو بۆ هەموومان ئەو کاتەی دەڕێشتین بۆ شەڕ وامان دەزانی بۆ ئاهەنگ دەڕۆین بەچەپڵە لێدان و گۆرانی گوتن.

*** عەزیز حەمە حوسێن – بەرزنجە**
– لەساڵی 1963 بووم بەپێشمەرگەو بەشداریم لەشەڕەکانی شارەزوور کردووە، هەروەها لەشەڕەکانی شارباژێر و سەرسیر و ئێمە 60پێشمەرگە بووین چوار دەوری رەبایەی قایەمان دا. لە پشت نالپارێز ئەو کاتە عەبدولوەهاب ئەتروشی ئامر هێزمان بوو، لەشەڕی پێنجوین، فەتاح ئاغا سەرلقمان بوو، لەبەیانی تا ئێوارە شەڕمان کرد لەگەڵ تۆپ و دەبابەو سەربازێکی بێ شوماری رژێم، لەو شەڕەدا بریندار بووم، ساڵح مۆریاسی شەهید بوو، هەموو پلەکانی پێشمەرگایەتیم بڕیوە تا ئامر بەتالیۆن. شۆڕشی ئەیلوول یەکێک بوو لەو شۆڕشانەی کە هیچ جیاوازیەک نەبوو لەناو سەرجەم چین و توێژەکان، هەموومان بۆ کوردستان دژی داگیرکەران شەڕمان دەکرد

*** حەمەشەریف حەمە/ گوندی بەڵخەی هەورامان:** لەساڵی 1961بووم بەپێشمەرگەو بەشداریم لەشەڕی پردەکەی زەڵم کردووە، سەرپەلەکەمان ناوی شێخ غەفور بوو، ئۆتۆمبێلێکی سەربازیمان گرت، 11 پارچە چەکمان گرت، هەروەها چەند سەربازێکمان بەدیل گرت، لەساڵی 1965 لەپەلی حەمەئەمین تریفەیی لەئەزمر 45 شەو لەگەڵ زێباریەکان شەڕمان کردو 3پێشمەرگەمان شەهید بوو. هەروەها لەساڵی 1974 لە زمناکۆ بریندار بووم، ئامر مەفرەزەی دۆشکە بووم، شۆڕشی ئەیلوول یەکێک لەسیفەتەکانی هیچ جیاوازیەک نەبوو لەنێوان ئایین و زمان و نەتەوەو هەموومان پێشمەرگەبووین بەناوەپیرۆزەکەی پێشمەرگەی ئەیلوول بووین.

*** مەحمود کەریم رەحیم / لەچەرمەگای شلێر:** هەر بەمندالی پەیوەندیم کردووە بەشۆڕشەوە، ئەوەندە منداڵ بووم ناردمیانەوە بۆ ماڵەوەو گوتیان با گەورە بیت ئینجا وەرەوە، ئەو کاتە بارزانیی نەمر هات بۆ پێنجوین، لەسەرجەم شەڕەکانی شۆڕشی ئەیلوول بەشداریم کردووە، ئەو کاتە مەعاون کەمال قایمقامی پێنجوین هات و خۆی تەسلیمی بارزانیی نەمر کرد. شۆڕشی ئەیلوول کوردی گەیاندە ئەمڕۆ و شۆڕشی ئەیلوول بوو فێری کوردایەتی کردین، هەرشۆڕشی ئەیلوولیش بوو توانی بە برنەوەکانیانەوە تۆپ و تەیارەو دەبابەو هەموو هێزە سەربازیەکانی رژێم لەسەرجەم بەرەکانی شەڕدا بشکێنێت.

*** میرزا ئەحمەد ساڵح / پێنجوین:** لەساڵی شەستەکان بووم بەپێشمەرگە، خۆشترین یادەوەریم هەیە لەشۆڕشی ئەیلوول، یەکێک لەو یادەوەریانەی کە قەد لەبیرم ناچێت، ئەو شەڕە بوو کە مەلا رەسولی تێدا شەهید بوو، فۆڕۆکەکانی رژێم دەیانویست تەرمەکەی بەرن، بەڵام ئێمە تا کۆتایی شەڕەکە بەرگریمان کردو نەمانهێشت تەرمەکەمان لەگەڵ خۆمان هێنایەوە کە هەرگیز تامردن ئەو شەڕەم لەبیر ناچێتەوە.

*** حەیدەر حوسێن / گوندی دەرەشیش:** لەساڵی 1965 بووم بەپێشمەرگە، ئەوکات تەمەنم 14ساڵ بوو، ئەو کاتانەی پێشمەرگە دەهاتنە ناو دێکەمان، هەستێکی زۆر خۆشم لادروست دەبوو، هەر ئەو رۆژە بڕیارمدا ببم بەپێشمەرگەو چەکی شەڕەفم کردە شانم، تا مردن خۆم بەپێشمەرگەی پارتی و بارزانی دەزانم. بەشداریم لەشەڕی پردی زەڵم کردووە، دەبابەکانی رژێم کاتژمێر 11ی بەیانی گەیشتنە سەر پردەکە، ئێمە بەرمیلمان لەسەر شەقامەکە دانابوو، خۆمان لەناو ئاشێکدا حەشاردابوو تا ئێوارە شەڕمان کرد، حەمە ئیناخی شەهید بوو، حەمەکوردە دەستگیر کرا، من رەشاشێکی ئینگلیزیم پێبوو. شۆڕشی ئەیلوول شۆڕشێکی سەرتاسەری کوردستان بوو، بەمانای وشە شۆڕش بوو دژی داگیرکەران و خوێنمژانی گەلەکەمان.

ماوەتەوە بڵێین ئەوەی جێگەی

مەحمود کەریم

حەمە کەریم

حەیدەر حوسێن

عەزیز حەمە

میرزا ئەحمەد

حەمە شەریف

ئاوێنەی شار

کرێی هاتوچۆ



هەولێر × سلێمانی:
تاکسی 15 هەزار — باس 8 هەزار
هەولێر × کەرکووک:
تاکسی 7 هەزار — باس 4 هەزار
هەولێر × دهۆک:
تاکسی 15 هەزار

7.30: دەنگوباس
8.00: بەیانی باش
10.30: وەرزش
10.45: سکرین
11.15: کامیرای شاراوە
12.00: ئیکۆنۆمی
13.30: گەمەی باڵندەکان
14.30: دەنگوباس
15.00: ئەمڕۆ لەمێژوودا
15.30: وەرزش
15.45: دیکۆمێنتەکان
16.30: ئیکۆنۆمی
17.00: کوردستان لەسەرچاوەکان
18.30: دەنگوباس
19.30: الاخبار
19.45: تیک تاک
20.30: پانۆراما
21.30: ئیکۆنۆمی و وەرزش
22.00: ئەم پرسە
1.00: پەخشی ئەمەریکا

14:05: فیلمی بیانی دۆبلاژکراو
16:00: کورتەی هەواڵ
16:05: بەرنامەی رێگا
17:00: کورتەی هەواڵ
18:05: بەرنامەی سپۆرت 24
18:30: ب. نوچەی جیاواز
19:00: هەواڵەکان
20:00: بەرنامەی رێگا
21:45: دیکۆمێنتی دۆبلاژکراو
22:30: ب. ڕای جیاواز
23:35: دیکۆمێنیتی دۆبلاژکراو
1:05: بەرنامەی سپۆرت 24
1:30: فیلمی بیانی ژێرنووسی
3:00: بەرنامەی نوچەی جیاواز
4:30: کۆتایی پەخش

نرخی دراو

100 دۆلاری ئەمریکی	118.650 دینار
100 یۆرۆ	151.000 دینار
1000 لیرەی سوری	26000 دینار
132.5 تومەن	150 دینار
یەک لیرەی تورکی نوێ	800 دینار
یەک مسقاڵ زێڕ	210,000 دینار

سووتەمەنی

(1) لیتر بەنزین (سوپەر): 925 دینار
(1) بەرمیل نەوت: 114000 دینار
(1) بەرمیل گازوایل: 128000 دینار
(1) بوتڵ غاز : 7000 دینار

دەرمانخانەی ئێشکگر

دەرمانخانە
پایتەخت: ڕۆژ، ئەلەند، شاگوڵ
سلێمانی: سارا لەشەقامی گۆران
دهۆک: مەتین لەشەقامی نوژداران

کەش و هەوا

شار	بەرزترین	نزمترین
پایتەخت	40	26
دهۆک	39	25
زاخۆ	41	24
سلێمانی	38	26
کەرکووک	42	26
پیرمام	37	26
سۆران	39	20
خانەقین	44	24
مەخمور	43	27
چەمچەماڵ	44	26

بازار

10 سەمون: 1000 دینار
8 نان: 1000 دینار
8 نانی لوبنانی: 1000 دینار

(1. کگم)گۆشت بەرخ: 14000 دینار
(1. کگم) نەرمە: 15000 دینار
(1. کگم) مریشک: 4500 دینار
(1) تەبەقە هێلکە: 4000 دینار

(1. کگم) شەکر: 1000 دینار
(1. کگم) رۆن: 1500 دینار
(1. کگم) تەماتە: 750 دینار
(1. کگم) پەتاتە: 750 دینار
(1. کگم) باینجان: 500 دینار
(1. کگم) کودی: 750 دینار
(1. کگم) پیاز 750 دینار
(1. کگم) سێو: 1500 دینار
(1. کگم) پرتەقاڵ: 1500 دینار
(1. کگم) خەیار: 750 دینار
(1. کگم)مۆز: 1250 دینار
(1. کگم) لیمۆ: 2000 دینار

(1. کگم) بیبەر: 1000 دینار
(1. کگم)گێزەر: 1000 دینار
(1. کگم) شووتی: 1000 دینار
(1. کگم) کاڵەک: 1000 دینار
(1) دەسکە تورە: 500 دینار
(1) دەسکە سلێق: 500 دینار
(1) دەسک سەوزە : 250 دینار
(1. کگم)تورشیات: 3000 دینار
(1)سابوون: 500 دینار
(1) پاکەت تایت: 750 دینار
دۆشاوی تەماتە: 2250 دینار
(1) لیتر زەیت: 2500 دینار

کاوڕ (٣/٢١ -٤/٢٠)
بیر لە ئەنجامدانی پرۆسەی وەهمی مەکەوەو با حەزی دەوڵەمەندبوون توشی هەڵەی کوشندەت نەکات ..کەس لە پرێک نابێتە کوڕێک .

گا (٤/٢١ -٥/٢٠)
لە بواری پیشەییدا دەستنیشانی هەڵەکانت بکە بۆئەوەی جارێکی دیکە دووبارەیان نەکەیتەوە ..کەسێک بە سۆزێکی پاکەوە بیرت لێدەکاتەوە و لەمزووانە هەستی پێدەکەیت.

جمک (٥/٢١ -٦/٢١)
پێشکەوتنی بەرچاو لە ژیانی پیشەییتدا بەدەست دەهێنیت و داهاتیشت زیاد دەکات ..کات لەبارە بۆ پێشنیارکردنی پرۆژەی تازەو چارەسەرکردنی گرفتەکان.

قژاڵ (٦/٢٢ -٧/٢٢)
لاپەڕەیەکی کۆن هەڵدەدەیتەوەو لاپەڕەیەکی نوێ دەکەیتەوە ..رووداوەکان زۆر بەخێرایی دێنەپێش ..ئارامی خۆت بپارێزە تاوەکو بەسەریاندا زاڵبیت

شێر(٧/٢٣ -٨/٢٢)
خۆبەندکردن لە چوارچێوەی یادگاریە کۆنەکان و نەگونجان لەگەڵ واقیع بەو ئامانجانەت ناگەیەنێت کەوا ماوەیەکە ڕەنجیان بۆ دەدەیت.

گوڵەگەنم (٨/٢٣ -٩/٢٢)
کەلووی تەرازوو بەرژەوەندییە تایبەتیەکانت ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە جۆری بیرکردنەوەو بڕیاردانت ..بەقەدەر ئەوەی دەتەوێت سوودمەندبیت دەبێت بەخشندەبیت.